حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للتخطيط التربوي
مديرية تكنولوجيا المعلومات

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ . پلاندانانی پەروەردەیی
بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری

ISO 9001:2015

العدد: ٥٦١ /
التأريخ: ١/٨/ ٢٠٢٥

ژمارە : ٥٦١ /
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٤ کوردی

# گشتاندن

بە مەبەستی ئەپدەیتکردنی داتاکانی سیستەمی ( ئی- پەروەردە) بۆ ناوەندەکانی خوێندنی حکومی و ناحکومی، سیستمی ئی - پەروەردە بۆ ماوەیەک دادەخرێت ، بۆیەش پێویستە ناوەندەکانی خوێندن پابەندی ئەو خاڵانەی خوارەوە بن:

١- نوێکردنەوەی داتای فەرمانبەران و مامۆستایان و هەر گۆڕانکارییەک کە هەبێت لە هەموو بڕگەکانی تایبەت بە:-

- ( زانیاری مامۆستا یان فەرمانبەر) پێویستە ووردبینی بۆ هەموو زانیارییەکانی ئەم بەشە بکرێت و ئەگەر هەڵەی تێدابێت ئەوە ڕاست بکرێتەوە، ژمارەی دروستی بەشەوانەکانی مامۆستایان تایبەت بە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ تۆمار بکرێت. ئەوەی تایبەت بە ژمارەی UPN پێویستە قوتابخانەکان تاوەکو ٢٠٢٥/١/٢٥ ئەم ژمارەیە تۆمار بکەن، وە ئەگەر تۆمار کرابێت ئەوا پێویستە ڕاستی و دروستی ئەو ژمارەیە ووردبینی بۆ بکرێت ، هەر بۆ زانین ژمارەی UPN لە (١٣) ژمارە پێکدێت ( ئەگەر فەرمانبەر یان مامۆستا ژمارەکەی نەبوو ئەوا پێویستە بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن پەیوەندی بە ژمارەی پەروەردەکەی خۆی بکات بۆ بە دەستهێنانی ئەو ژمارەیە وە تۆمار کردنی لە سیستەم).
- (زانیاری کار) لەم بەشەی سیستەم پێویستە ئەم زانیارییانە تۆمار کرابێت(زانیارییەکانی یەکەم فەرمانی دامەزراندن وە پلە و پایە و ڕێکەوتی شایستە بوون) وە (مووچەی بنەڕەتی مامۆستا و فەرمانبەر)(ناونیشانی وەزیفی) مامۆستا و فەرمانبەر.
- پێویستە دوایین بڕوانامە لە سیستەم تۆمار بکرێت، ئەگەر مامۆستا یان فەرمانبەر بڕوانامەی پەسەندکراوی گوڕانکاری بەسەر هاتبێت (بۆ نموونە لە بکالوریوس بووە بە ماستەر) ئەوا پێویستە کارگێڕی قوتابخانە داوای کۆپی بڕوانامەکە لە مامۆستا یان فەرمانبەرەکە بکات. دوایین ڕێکەوت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم زانیارییە ٢٠٢٥/١/٢٠ دەبێت.
- تایبەت بە ناوی سیانی دایک، پێویستە بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن دڵنیا ببێتەوە کە هەموو مامۆستا و فەرمانبەرێک ناوی سیانی دایکی تۆمار کراوە لە سیستەم، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانن سوود لە ڕاپۆرتی تایبەت لە (بەشی قوتابخانە – ڕاپۆرتی قوتابخانە بە ناوی دڵنیابوون لە ناوی سیانی دایک) وەربگرن و چاپی بکەن وە پێویستە ئەم کارە تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١/٢٠ تەواو بکرێت بە پێچەوانەوە بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن بەرپرسیار دەبێت.

- تایبەت بە (کاراماییەکان، زانیاری خێزان و تەندروستی مامۆستا یان فەرمانبەر ) فۆڕمێکی تایبەت لە ناو سیستەم داندراوە لە (بەشی قوتابخانە – ڕاپۆرتی قوتابخانە بە ناونیشانی فۆرمی بەتاڵ)، کارگێڕی قوتابخانەکان دەتوانن چاپی بکەن داوا لە مامۆستایان وفەرمانبەران بکەن کە بە زووترین کات پڕی بکەنەوە و واژووی بکەن، پێویستە تاوەکو ٢٠٢٥/٢/١ لە سیستەم تۆمار بکرێت.
- پێویستە لەمەودا هەر مامۆستایەک یان فەرمانبەرێک کە دەگوازرێتەوە (لە ناو سنووری پەروەردەی خۆی یان لە پەروەردەیەک بۆ پەروەردەیەکی تر) ئەوا فەرمانی دەست لە کار هەڵگرتنی لە ڕێکەوتی سەرەتای مانگ بۆ دەربچێت، بۆ نموونە ( ١-٥ یان ١-٣ )، دواتر قوتابخانەکان لە سیستەم تەنها دیاری دەکەن کە لە قوتابخانەکانیان گوزراوەتەوە بۆ قۆتابخانەیەکی تر و سیستەم بە شێوازێکی (Auto) ئەم کارە ئەنجام دەدات. لە دوای ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١/٢٠ ئەم کارە جێبەجێ دەکرێت.
- پێویستە هەموو ئەو مامۆستا وفەرمانبەرانەی کە مۆڵەتی بێ مووچەن دیاری بکرێن وە ڕێکەوتی دەست لەکار هەڵگرتنیان تۆماربکرێت، وە ئەوانەی مۆڵەتیان تەواو بووە کارا بکرێنەوە لە سیستەم.

**٢-** نوێکردنەوەی داتای قوتابیان ، لە پڕکردنەوەی بڕگەکانی (زانیاری قوتابی) ، بوونی وێنەی قوتابی لە سەر پرۆفایلەکانیان ، بەتایبەت قوتابیانی پۆلی نۆی بنەڕەتی و پۆلی ١٢ ی ئامادەیی پێویستە نوێترین وێنە بن (وێنەی قوتابی شەش مانگ کۆنتر نەبێت) ، پێویستە وێنەکە ڕوون بێت، چونکە پەیوەندی هەیە بە تاقیکردنەوەکانی قوتابی. بۆ پۆلەکانی نۆی بنەڕەتی و دوازدەی ئامادەیی زۆر گرنگە زمانی خوێندن و ئاینی قوتابی بە دروستی بنووسرێت، چونکە دانانی پرسیاری تاقیکردنەوەکان لەسەر بنەمای داتای سیستمی ئی – پەروەردە دەبێت. لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان بەرپرس نابن لە هەر کەموکوڕیەک لەو حاڵەتە ڕووبدات . ئەگەر ڕووبدات ئەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە دەکرێت.

پێویستە زانیاری تایبەت بە ( باری تەندروستی قوتابی) ( هاتوچۆکردن) ( بەخشینی زمان) تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/١ تۆمار بکرێت لە سیستەم، بۆ ئەم مەبەستەش قوتابخانەکان دەتوانن سوود لە فۆرمی تایبەت لە ناو سیستەم لە **(بەشی قوتابخانە – ڕاپۆرتی قوتابخانە بە ناو نیشانی فۆرمی بەتاڵ)** وەربگرن و چاپی بکەن.

**٣-** پێویستە زۆر بە وردی پۆل و هۆبەکان جیاکرابێتەوە و ژمارەی دروستی قوتابی لەهەر هۆبەیەک دیارکرابێت، هەروەک چۆن لە قوتابخانە هەیە. پێویستە دڵنیابن لەو قوتابیانەی کەهاتونەتە قوتابخانە لەدەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە بەپێی یەکسانکردنەی بڕوانامەکەیان (کۆپی یەکسانکردنی بڕوانامە ئەپلۆدی سیستەمی ئی پەروەردە بکرێت ). هەروەها تۆمارکرنی ژمارەی کارتی نیشتیمانی بۆ سەرجەم قوتابیان ئەگەر هەیانبێت.

٤- هەبوونی قوتابی لە پۆلی (دەیەمی گشتی) لە سیستەم ، کە تاوەکو ئێستا لقی خوێندنیان دیاری نەکردووە (لقی زانستی، وێژەیی، پیشەیی یان پەیوەندییان بە پەیمانگەی پێنج ساڵی کردووە). پێویستە قوتابخانە بنەڕەتیەکان ئەو قوتابیانە یەکلا بکەنەوە بە دیاریکردنی حاڵەتیان (بەردەوامە لەو لقانەی باسکراوە گواستنەوەیان بۆ بکرێت یان بکرێن بە بەجێهێشتوو).

٥- هەموو ناوەندێکی خوێندن پابەندە خشتەی هەفتانەی وانەی بە جێگیری هەبێت وە بۆ هەر پۆل و هۆبەیەک بە دروستی لە سیستمی ئی- پەروەردە تۆمار بکرێت بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥.

٦- تۆمارکردنی نمرەی تاقیکردنەوەکان پێویستە پاش ووردبینی ئینجا ئەنجامبدرێت ، چونکە هەر گۆڕانکاریی و دەستکارییەک لە نمرە ئەوا لە سیستەم پیشان دەدات ئەدمینی سیستەم لەسەر ئاستی وەزارەت ئاگادارەکرێتەوە کە لە چ ڕۆژ و کات و چرکەیەک و لەلای چ بەکارهێنەرێک ئەو گۆڕانکارییە کراوە ، هیچ گۆڕانکارییەک ئەنجام نادرێت دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی پەڵپ بە بێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی تاقیکردنەوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن ئەویش لەرێگەی نوسراوی فەرمی دەبێت و پێویستە هۆکارەکەی دیاری بکرێت.

٧- برگەی زانیارییەکانی قوتابخانە لە کاتی گۆڕانکاری پێویستە ئەپدەیت بکرێتەوە، بە تایبەتی لە زانیاری قوتابخانە (جۆری پۆلێنی قوتابخانە ، جۆری خوێندن ، زمانی خوێندن ، شوێنی جوگرافی قوتابخانە ، ژینگەی قوتابخانە) هەروەها پۆلێنکردنی بینای قوتابخانە و زانیاری سووتەمەنی. دوا ڕێکەوت بۆ ئەم کارە ٢٠٢٥/٢/١ دەبێت.

٨- هەموو داتاکانی کەلوپەلی قوتابخانە، هەر ئامێرێک ئەگەر لەکار کەوتبوو پێویستە لە برگەی تێبینی دیاریبکرێت کە لە کار کەوتووە لەبەر ئەوەی دابینکردنی کەلوپەل لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاریی و داتاکانی ناو سیستم دەبێت.

٩- برگەکانی (هەڵسەنگاندنی قوتابخانە) و (پارە وەرگرتن - پارەی فرۆشگە) نوێبکرێتەوە و هیچ برگەیەک بە بەتاڵی بە جێنەهێلدرێت.

١٠- هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان و بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی پەروەردەی پارێزگاکان هەمان ئەو خاڵانەی تایبەتن بە داتای فەرمانبەرانیان پێویستە بە تەواوی ئەپدەیت بکەنەوە و نابێت هیچ برگەیەکی تایبەت بە فەرمانبەران بە بەتاڵی جێبهێڵن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ . پلاندانانی پەروەردەیی
بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للتخطيط التربوي
مديرية تكنولوجيا المعلومات

ISO 9001:2015

١١- سەبارەت بە قوتابخانە ناحکومییەکان ئەم زانیاریانە بە ڕاست و دروستی لە سیستەمی ئی پەروەدە تۆمار بکرێت هەروەک چۆن لە دواین مۆڵەتی نوێکراوە هاتووە .

أ- بەرواری کۆتای مۆلەتی قوتابخانە.

ب- زمانی خوێندنی قوتابخانە: لیژنەی باڵا پابەندە بە ناردنی پرسیار بەو زمانەی کە لەسیستەمی ئی پەروەردە تۆمارکراوە.

جـ- کاتی دەوام بەیانیان یان ئێواران.

د- سەرجەم قوتابخانە لۆکاڵی ناحکومیەکان پابەندن بە گشت بابەتەکان کە لە سیستەمی ئی پەروەردە هاتوو و وەزارەتی پەروەردە لاری نییە ئەگەر هەر بابەتێکی زێدەکی بخوێنرێت دوای بەدەستهێنان ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان، بەڵام نمرەی بابەتی زێدەکی هەژمار ناکرێت .

هـ- کۆپی دواین مۆڵەت ئەپڵۆدی سیستەمی ئی پەروەردە بکرێت.

١٢- سەبارەت بە زانیاری قوتابیانی پەیمانگە حکومی و ناحکومیە پێنج ساڵیەکان پێویستە لە بەشی زانیاری قوتابی لە بەڵگەنامەکان فەرمانی وەرگرتن و دەرچوون ئەپڵۆدی سیستەم بکرێت.

١٣- سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی ناوەندی خوێندنی حکومی و ناحکومی پێویستە بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندنەکە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەم گشتاندنە بکەن.

١٤- پێویستە زانیارییەکانی کارتی نیشتیمانی مامۆستایان و فەرمانبەران تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/١ تۆماربکرێت.

ئالان حمەسعید صالح

وەزیری پەروەردە

٢٠٢٥ / ١ / ٧

وێنەیەک بۆ :-

- نووسینگەی جەنابی وەزیر. لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی دیوانی وەزارەت.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ( هەولێر ، سلیمانی ، دهۆک ، گەرمیان ، هەلەبجە ، ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ، ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەرین ، ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کەرکوک).
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی/ ب. تەکنەلۆجیای زانیاری.
- خولاو.